


# ئەو ژنانەی مارەی کردوون و لەگەڵیان جووت نەبووە

## قوتەیلە

قتيلة بنت قيس بن معدي كرب بن معاوية

کاتێك موحەممەد ئەسما تەڵاق دەداتو لەژووری پەردە بەتوورەیی دێتە دەرەوە, صەحابەیەك بەناوی (الأشعث بن قيس) بەموحەممەد دەڵێت: خەفەتبار مەبە, گەر حەز بکەیت هەر ئێستا ژنێکت بۆ دێنم جوانیش بێتو لەبنەماڵەیەکی چاکیش بێت. موحەممەد پێی دەڵێت کێیە.؟ ئەویش دەڵێ: قوتەیلەی خوشکمە. موحەممەد دەڵێ ئەوە هێنام (واتە رازی بووم). ئەشعەسیش یەکسەر دەچێت بۆ یەمەن بۆ ئەوەی خوشکەکەی بێنێت, کە لەو کاتەدا دانیشتوی ئەوێ بووە. کاتێك ئەم خوشكو برایە لەوڵاتی یەمەن بەرەو رووی مەککە دەکەونە رێ, هەواڵی مردنی موحەممەد دەبیستن, یەکسەر دەگەڕێنەوە بۆ یەمەن. دەڵێن قوتەیلە لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوەو لەگەڵ خۆشەویستێکی خۆیدا بەناوی

قيس بن مكشوح المرادي هەڵدێنو خۆیان دەشارنەوە.[1] ئەبوبەکر, کە لە دوای مردنی موحەممەد دەکرێتە خەلیفە, دەیەوێت ئەم دوانە بگرێو بیانسوتێنێت, لەبەر ئەوەی نابێت هیچ کەسێ ژنانی موحەممەد لە خۆیان مارە بکەنەوە. عومەری کوڕی خەتتابیش ناهێڵێت, بە پاساوی ئەوەی ئەم ژنە لەگەڵ موحەممەددا جووت نەبووەو حیجابی بەسەردا نەسەپاوە.[2]

1 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الطبقات الکبری, ذكر أزواج رسول الله. ذكر قتيلة بنت قيس

2 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الحاكم: المستدرك على الصحيحين, ذكر / قتيلة بنت قيس.